# جەنگی تازەی نێوان شیعە و سوننە*

**ن: دۆمینیك لاگارد**

**و. لە فارسییەوە: محەمەدی مشیر**

دوای تێپەڕینی ماوەیەك بەسەر مەرگی سەدام حوسین، دووبارە لایەنگرانی دیکتاتۆری پێشووی عێراق بەمەبەستی دوعاکردن سەردانی گۆڕەکەیان کرد. بە دڵنیاییەوە سەدام ستەمکارێکی راستەقینە بوو.بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئەو وەکو ئەو موسڵمانە سوننیانەی بۆی دەگریان بە سوننە ئەژماردەکرێ. لە عێراقدا سوننەکان کەمینەن.ئەوان ماوەیەکی درێژ دەسەڵاتیان لە دەست بووە.لە راستیدا بنچینەی دەسەلات لە دەروونی حزبی بەعس و سوپای عێراقدا لە ژێرکۆنترۆڵی ئەواندابوو.شیعەکان ئەگەرچی لە عێراقدا زۆرینەن، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا بە توندی سەرکوت دەکران و بە چاوی جیاکاری و سوکایەتی پێکردنەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا.هەرجۆرە بەرهەڵستکاری و ناڕەزایەتیەکیان بەرامبەر بەو دۆخە ناهەموارەی کە لە عێراقدا تێدا دەژیان بە شێوەیەکی دڕندانە و توڕەییەوە لە لایەن حکومەت سەرکوت دەکرا .

لە ساڵی 2003 دا، لە پاش سەراوژووربوونی دیکتاتۆر، ئەمریکییەکان ویستیان لە عێراقدا "دیموکراسی" سەقامگیربکەن.حزبی بەعس لە دەسەڵات لادرا و شیعەکان لە رێگەی یەکگرتنەوە هاتنە سەرکار. لە راستیدا عێراق بە ئیعدامکرنی سەدام لە 30 دیسێمبەری2006دا، لەریگەی یاساوە دەرحەق بە موسڵمانە سوننەکان کەسانێکی لە حکومەت لادا کە توانیبویان بخزێنە نێو دەزگاکانییەوە.ئەو وێنانەی کە ئیعدامکردنی سەدام نیشانەدەن لە سەرتاسەری جیهاندا بلاْوبوونەوە، ئەوە بەدیاردەخەن کە لایەنگرانی (موقتەدا سەدر) لەکاتی پەت خستنە گەردنی سەدامەوە جنێویان پێداوە.هەموو ئەوانەی لە سەرەوەدا باسکران ئەوە دەدرکێنن کە جیاوازی و کەلێنی نێوان ئەو نەتەوە و مەزهەبانەی عێراق پێکدەهێنن روو لەزیادبووندایەو هەر رۆژێکیش تێدەپەڕێ ولاْت پتر بەرەو شەڕی ناوخۆ هەنگاودەنێ.

ئەو پرسیارەی خۆی دێنێتە پێش و پێویستە بپرسرێ ئەوەیە: ئایا بە پەرەسەندنی توندوتیژی و پێکدادانی نێوان عێراقییەکان پێشەکییەکانی جەنگی نێوان شیعە و سوننە موسڵمانەکان لە سەرتاسەری ناوچەی خۆرهەلاْتی ناوەڕاستدا نایەتە ئاراوە؟

هەڵبەتە ژمارەیەکی زۆری شیکارانی سیاسی لەو باوەڕەدان کە جەنگ لە (بەغدا) و (بەیروت) دا زۆر بەر لەوە دەستی پێکردووە. لە بەغدا یەکێتییەك لە نێوان شیعەکاندا پێکهاتووە کە تاران و دیمەشق پارێزگاری لێدەکەن. چەند مانگێك لەمەوپێش پاشای ئوردن سەبارەت بەو تەوەرەی کە شیعەکانی ئێران و لوبنان لە ریگەی عێراقەوە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هۆشداری دابوو. ئەگەر شەڕی ناوخۆ لە عێراقدا بەکارێکی کوێرانە و دەمارگرژانە لە قەڵەم بدەین، ئەو پرسیارە سەبارەت بە ئایندەی عێراق خۆی دەسەپێنێ: ئایا ئەو کێبڕکێیەی ئێستاکە لە ناوچەکەدا هەیە پتر لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی ئەو هێزانەیە کە لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە یا لە پێناوی کۆنترۆلکردنی جەماوەری خەڵکە؟ ئایدیای پەیوەستبوون بە یەکەوە لە نێوان شیعە یا سوننەکاندا بەزاندنی سنووری دەوڵەتەکان بە تەواوی سادە و ئاسان دەکات.

پێویست بە جەختکردنەوە ناکات کە تەواوی موسڵمانانی شیعە لایەنگری حکومەتی ئێران نین. زۆربەی حکومەتە شانشینەکانی ناوچەی کەنداوی فارس(کەنداوی عەرەب) رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران (ئایەتوڵلاّ عەلی خامەنەئی)یان قەبوڵ نییە.بەڵام خۆشەویستی جەماوەرییانەی حەسەن نەسڕولاّ، رابەری حزبوڵلاّی لوبنان، لە نێوان ئەوعەرەبە سوننانەی کە هەندێ جاران لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا بەراووردی دەکەن،کۆمەڵێك بزووتنەوەی رادیکاڵی مەزهەبی دێنێتەئاراوە.

ئەو کێشەیەی ئەمڕۆکە لە خۆرهەلاْتی ناوەڕاستدا سەریهەڵداوە، پێکدادانی نێوان دوو لۆژیکی دەسەلاْتخوازانەیە، یەکێکیان پەیوەستە بە پێگەکانی ئێران کە دەیەوێ رۆڵێکی بنچینەیی لە ناوچەکەدا هەبێ ، هەر لەبەرئەمەش لەبەرەیەکی دژ بە خۆرئاوادا بۆتە هاوپەیمان.ئەویتریشیان پەیوەست بە پێگەکانی ولاْتە گەورەکانی عەرەبە کە سوننە مەزهەب و پارێزکارن و لە سەرەوەی هەمووشیاندا عەرەبستانی سعودی دێت، کە لەو باوەڕەدایە لە لایەن ئەو عەرەبە چالاکانەی سەر بە ئێرانن هەڕەشەی

لێدەکرێ. لە میانەی ئەمەشدا مایەی ئاماژە پێدان و سەرسوڕمانە کە ئەو مەلایانەی لە ئێراندا بە ناونیشانی ڕەسەنترین هێز دەسەڵاتداران، زۆرترین سوودیان لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراقدا وەرگرتووە.ئەمریکییەکان بە لەناوبردنی سەدام حکومەتی ئێرانیان لە شەڕ و بەڵای ڕەسەنترین دوژمن ڕزگارکرد.لەوانەیە باش بێت ئاماژە بەوە بکەین کە سەرجەم رابەرانی ئەو حزبە شیعانەی ئەمڕۆکە لە عێراق بە دەسەڵات گەیشتوون کەم تازۆرێك لە سەردەمی سەدام حوسێن دا دوور خرابوونەوە ئێران و لەوێ ژیانیان بەسەردەبرد.

## دوودڵی سعودیا سەبارەت بە ئەزموونی عێراق

حکومەتی تاران سیاسەتەکانی خۆی لە چوارچێوەی پێکهێنانی"تەوەری شیعە" یاخود داکۆکیکردن لە مافەکانی کەمینەی شیعە لە وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە سنووردار نەکردووە. وتارەکانی سەرۆکی حکومەتی ئیسلامی ئێران (مەحمود ئەحمەدی نەژاد) لە هێڵی هزری ئایەتوڵا خومەینی، باوکی شۆڕشی ئیسلامی،( کە پان ئیسلامیست بوو)،لاینەداوە. حکومەتی ئێران هەندێ جاران شیعەکان لە ناوچەکەدا بەهێز دەکا (وەك پاراستنی حزبوڵڵای لوبنان)،هەندێ جاری دیکەش بە پشتیوانیکردنی سوننەکانی وەك حەماس و جیهادی ئیسلامی لە فەلەستیندا سیاسەت دەکات.لە راستیدا حکومەتی ئێران هاوکات لە دوو گۆڕەپاندا سیاسەتەکانی خۆی بە ئامانجێکی روون و فرە پڕاگماتییانە لە پێناوی بوونی بە هێزی سەرەکی لە ناوچەکەدا پیادە دەکات.ئاشکرایە وڵاتانێکی وەك سعودیا بەو بەرزفڕینەی ئێران گەڵێ نیگەرانن. دیپلۆماتیکی ناوچەیی یاخود هەوڵی بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمی لە لایەن ئێرانەوە سعودیای خستۆتە بەدگومانییەوە سەبارەت بە ئەزموونی عێراق .

ئایا رژێمی سعودیا ئامادەیە بە ئاشکرا بەرامبەر بەو گرووپە شیعە نیمچە سەربازییانە راوەستێ کە لایەنگری ئێرانن، تاکو سوننەکانی عێراق بپارێزێ ؟ ئەمە پرسیارێکە کە لە وتارێکی رۆژنامەی واشەنتۆن پۆستی بەرواری 29 ی نۆڤێمبەری ساڵی 2006 ، کە لە لایەن یەکێ لە راوێژکارانی میر (تورکی ئال فەیسەڵ)،باڵیۆزی سعودیا لە واشەنتۆندا، ورووژێنراوە. لەو کاتەوە نووسەری وتارەکە و میری ناوبراو بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە شوێنی خۆیان لادران.

ئەمە راستی تێدایە کە ئێمە زۆر بە دەگمەن شارەزای لایەنی دەروونی رژێمی بیر تاریکی سعودیا دەبین. بەڵام گوایە وادێتە بەرچاو کە سەرۆك هۆزانی سعودیا لە گەڵ ئامۆزا هاوشێوەکانی خۆیان لە عێراقدا، هاوشانی هەندێ لە سەرۆك مەزهەبەکان لایەنگری یەك سیاسەت دەکەن لە پێناو پارستنی سوننەکانی عێراق. ئەم داخوازییانە لە دەروونی خانەوادەی شانشینی سعودیا، بە تایبەتیش لە نێو گەنجەکانیان هەواداری پەیداکردووە! چاپەمەنییەکانی سعودیا زۆر لەمێژە بە شێوەیەکی ئاشکرا هەرچی زۆرتر لە بارەی "مەترسی ئێران" تەنانەت لە بارەی " هەڕەشەکانی رۆژنامەنووسی" یان "پیلانی شیعە- کاسۆلیك" دەنووسن.ئەوان بە شێوەیەکی شاراوە باس لەوەدەکەن کە دەوڵەتی بەغدا لە یارمەتییەکانی ئێران و ئەمریکا سوودمەند دەبێت.

**ڕوونکردنەوەی نووسەری وتارەکە:**

شیعەکان نزیکەی 15٪ ی موسڵمانانی جیهان پێکدەهێنن. ئەوان ژمارەیان نزیکەی 200 ملیۆن کەسە. ئێران تاکە دەوڵەتە کە شیعە تێیدا دەسەڵاتدارە و سەرژمێریەکەی 70 ملیۆنە.پاکستان بە بوونی 33 ملیۆن شیعە تێیدا بە پلەی دووەم دێت. هیندستان 31 ملیۆن شیعەی تێدایە و لە پلەی سێیەمە. عەرەبە شیعەکان نزیکەی 18٪ ی شیعەکانی جیهان پێکدەهێنن. لە عێراقدا نزیکەی 60٪ ی دانیشتوان پێکدەهێنن. لە بەحرێن 70٪ ی موسڵمانەکان شیعەن. لە لوبنان شیعەکان کەمینەیەکی بەهێزن.لە یەمەن 42٪ دانیشتوان پێکدەهێنن.لە کوێت رێژەی 40٪ پێکدەهێنن و، لە سعودیا و ئیمارات و قەتەر پتر لە 15٪ ی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە پێکدەهێنن.

*سەرچاوە:سایتی news.gooya.eu/politics/archives/2007/05